Klawrojna

# قەڵادزێی شەهیدانم        ئەحمەد دەشتی



ئەی کوردستان واری بە زۆر داگیرکراوم
هۆ شارەکەم قەڵادزێی هەست و چاوم
دێتەوە یاد کە دوژمنی پیس و چەپەل
بە ناپاڵم شەهیدیان کرد ڕۆڵانی گەل
دڕندانە هاتنە سەرت فڕۆکەکان
مەرگیان باراند دوژمنانم بۆ کوردەکان
پێیان وابوو کە ناپاڵم و بۆمباکانیان
دەمترسێنێ کیمیاو چەکی کوشندەیان
ورەی بەرزم دەڕوخێن بە هێرشیان
تەسلیم دەبم بە داخوازی وهیواکانیان
نەیان زانی نە هێرش و بۆمبارانیان
نە ئەنفال و نە سیانید و نە خەردەلیان
هەرگیز لە ڕێی کوردستانم نام بەزێنن
سەدان هەندە دڕندە بن نام تۆقێنن
ئەمن ڕۆلەی کوردستانی گوردانی زووم
پێشمەرگەمە لەڕێی بەرزی خڕ ئارەزووم
ئاواتی من سەربەخۆیی کوردستانە
تا ئەو ڕۆژەی سەردەکەوم گیان قوربانە
شەهیدانی قەڵادزەو گشت نیشتمان
هێمانە بۆ سەربەخۆیی خڕ کوردستان
هەتا ئاڵای کوردستانی ڕەنگینی من
دەرنەکەوێ لە ناو هەموو جیهانی من
ئەمن هەرگیز لە خەبات و تێکۆشانم
قەت ناسرەوم بۆ هەڵدانی ئاڵای جوانم
ڕەمزی بونم سەربەخۆیی وئاڵای کوردە
تا نەبینم ئاڵا ڕۆژم ژینم دەردە



هۆ قەلادزەی شـــەهیدانم زێدی کوردان
ئەی هەواری خۆشەیستو بنکەی مەردان
هەرلەیادمە کە ئەو ڕۆژەی  دڕنـــدەکان
هاتنە ســــەرت بە فڕۆکە و بۆمباکانیان
ڕشتیان خوێنی سەدان ڕۆڵەی قارەمانمان
بەڵام ئەتۆ هەرمـایەوە و لە ناو نەچـووی
تۆش کە زێدی شـامێرانی هەر بەرزبووی
ئەوا ئەمڕۆش دوژمنانی خوین ڕێژی کورد
لەناوچوون و تۆش مایەوە هەر وەکو گورد
وائەمڕۆکە سی سـاڵی یاد پیرۆز دەکەین
گوڵ و ئاڵام بۆ سەرگلکۆی شەهیددەبەین
هـاوار دەکەین ،ئەی هەڤاڵی هەلەبجەکەم
شـــوین هەواری شـەهیدانی وەڵاتەکەم
ســـەربەرزیمان بە ئێوەیە ئەی شەهیدان
هەر ئێوەنە مایەی شادی و  سەروەریمان
ســــڵاو لێـتان لە کـــاروانی  ڕێبازتان
لە یاران و سەروەران و شـــاری  جوانتان
ئێوە زیندون لە یـاد ناچێ هــەرگیز ڕێتان
قوربانینە هەرکێ کـوردە بۆ  ئامانجـــتان
ئەنفــال کراوو  قەڵادزەو   هەلەبجــەکەم
هەشت هەزاری بارزانیان و  وەســانەکەم
ســـــۆریاو دەکاو گەرمیان و  وەڵاتەکەم
گشت شەهدی هەرقوژبن و هەر بن بەردێ
هی زیندان و بیـــــابان و هەر شۆو وەدێ
هێمای بەرزی و سەرکەوتنن بۆ نیشـــتمان
ڕەمزن لەبۆ سەربەخۆیی گشت کوردستان

24.4.2004بە یادی سی ساڵ تێپە ڕبوون بە سەر بۆردومانی  قەڵازە  نوســـراوە